# شەڕی ساردی ئێران لەگەڵ ئوروپا
# یا مێژوونووسین بە هونەری شێوەکاری

ئەنوەر سوڵتانی

ئەم دێرانە سەبارەت بە تابلۆیەکی مێژوویی سەردەمی ڕێنێسانس نووسراون کە وێنەکێشێکی ناسراوی ئیتالیایی بە ناوی "پاولۆ ڤێرۆنیز"[1] لە ساڵانی نێوان١٥٦٥ و ١٥٦٧دا کێشاویەتەوە و ئێستا لە "ناشناڵ گالێری"ی شاری لەندەن پارێزراوە. وێنەکە دوا ساتەکانی ئیمپراتۆریی هەخامەنیشی (ئەخمینی) لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین پیشاندەدات کاتێ کە بە گوێرەی هەواڵی مێژوونووسانی ئوروپایی، "داریووشی سێیەم" دوایین شای هەخامەنیشی، بە بریندارى لە دەست ئەسکەندەری مەقدوونی هەڵدێت، حکوومەتی هەخامەنیشی کۆتایی پێدێ و کەسوکاری شای هەڵاتوو دەچنە بەردەم ئەسکەندەر بۆ ئەوەی تکای هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی فاتیحانی یۆنانی لەگەڵ بنەماڵەی خۆیان بکەن. شەڕی یۆنان و هەخامەنیشییەکان لە ڕاستیدا پێش ئەسکەندەر، لە ساڵی ٤٩٩ ی پێش زاییندا دەستپێکردبوو. بەڵام ئەسکەندەر لە شەڕی ساڵی ٣٣٠ ی پێش زاییندا تەختی جەمشید (پێرسپۆلیس)ی گرت، ئاگری تێبەردا و کۆتایی بە دەسەڵاتی هەخامەنیشییەکان هێنا. پاشان خۆی و جێگرەوەکانی واتە'سلووکیان' نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لە ئێران حکوومەتیان کرد .

هۆکاری نووسینی بابەتەکە بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی وێنەیەک لە پەیکەرێکی هەڵکەندراوی سەر بەردی 'نەقشی ڕۆستەم'ی نزیک 'تەختی جەمشید'ی ئێران بوو لە ناو مێدیای ئێرانی ناوەوە و دەرەوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا؛ بە تایبەت دانرانی کۆپییەکی تازەی ئەو پەیکەرە لە گۆڕەپانێکی شاری تاران، کە تێیدا بە گوێرەی قسەی مێژوونووسان، واڵێریەن[2] ئیمپراتۆری ڕۆم لە بەر سمی ئەسپی شاپووری یەکەم، شای ئێرانی ساسانی، چۆکی داداوە و لێی دەپاڕێتەوە. گوایە ئەو پەیکەرە دوای شەڕی 'ئێدێسا'(ئەلڕەها)ی ساڵی ٢٦٠ ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکە لەسەر بەرد هەڵکەندراوە؛ لەو شەڕەدا، بە گوێرەی سەرچاوە ئێرانییەکان، سوپای ڕۆم تووشی شکستێکی گەورە هات و ئیمۆراتۆرواڵێریەن بە دیل گیرا و برایە بەردەم شای ئێران.

خەڵکانی زێدەڕۆ، دوای شکستی ئێران لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی مانگی حەوتی ٢٠٢٥ ی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا، لە پێناو زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحیەتی شەڕ و بەربەرەکانیی خەڵک و سوپای ئێران، کەڵکیان لەو پەیکەرە کۆنە وەرگرت بۆ ئەوەی بە ڕۆژئاواییەکان بڵێن لەبیرتان نەچێ ئێمە هەر ئەو میللەتەین وا توانیمان ئەتکێکی ئەوتۆتان بەسەربێنین و ئێستاش دەتوانین بینەوە هەمان هێزی شەڕکەر و تێکتان بشکێنین.

جیا لە لایەنی پووچ و بەتاڵی ئەو هەڕەشە و گوڕەشەیەی ئەمڕۆ، کە حکوومەتی ئێران تێیدا مامۆستایە، بە گوێرەی مێژوو، شەڕی نێوان ڕۆمییەکان وەک جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی یۆنان، لەگەڵ ئێرانی سەردەمی ئەشکانییان لە ساڵی ٥٣ ی پێش زاییندا دەستی پێکرد و ماوە بە ماوە بۆ٧ سەدە و تا دواهەناسەی زنجیرەی ساسانی بە دەست عەرەب درێژەی کێشا. لەو ماوە دوورودرێژەدا جار وا هەبوو سوپای لایەنێک سەردەکەوت و بەشێک لە خاکی دژبەرەکەی بۆ خۆی دادەبڕی، جارێکی دیکە بە پێچەوانە، ئەویتریان سەرکەوتوو دەبوو و دەهاتە ناو خاکی ئەمیانەوە. تەنانەت لە دوو دەرفەتی جیاوازی شەشەم و حەوتەمی زاییندا، سوپای ئیمپراتۆرانی ڕۆم 'مۆریس' و 'هێراکلیوس' تا ئەوپەڕی ئاورگەی شیز و گەنجینەی گەنزەک لە تەختی سولەیمانی ئێستای نزیک تیکانتەپەی هەوشار (تیکاب) لە ڕۆژهەڵاتی سەقز و بۆکان هات و گەیشتە دەور وپشتی شاری مەراغەش. ئەنجامی ئەو شەڕە بێ واتایە، لاوازیی لەڕادەبەدەری هەردوو حکوومەتی ڕۆم و ئێران و سەرکەوتنی سوپای کەمدەرەتانی عەرەبی موسوڵمان بوو



پەیکەری 'نەقشی ڕۆستەم' مەرو دەشت، پارێزگای فارس

بەسەر هەردوولایاندا و هەڵوەشانەوەی هەردوو ئیمپراتۆریەتە زلهێزەکانی ناوچە لە ماوەی کەمی نێوان ساڵانی ٦٢٨ و ٦٣٦ی زایینیدا. ئەوانەی گوترا، هەندێ ڕوونکردنەوەی مێژوویی بوون بۆ چوونە ناو بابەتی سەرەکیی واتە وێنەکەی سەدەی شازدەهەمی پاولۆ ڤێرۆنیز و پەیکەرەکەی ناو ئێران.

## یەکەم، پەیکەری 'نەقشی ڕۆستەم' لە ئێران

شوێنی ئەو پەیکەرە بەردینە کەوتۆتە گوندێکی نزیک شاری مەرودەشت لە پارێزگای فارس، کە تەنیا ٦ کیلۆمەتر لە بەری باکووری 'تەختی جەمشید' و ٨٠ کیلۆمەتر لە 'پاسارگاد'- دوو شوێنەواری ناسراوی مێژوویی لە ئێرانی ئەمڕۆ دوورە. ناوچەکە چەند شوێنەواری مێژوویی پەیوەندیدار بە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عیلام و ئێرانی سەردەمی هەخامەنیشی تا ساسانی لێیە کە پەیکەری جێگەی باسی ئەم وتارەش یەک لەوانە. درێژایی شوێنی پەیکەرەکە ١١ مەتر و پانتاییەکەی ٥ مەترە. لەوێدا سوارەیەک دەبینرێ کە دەگوترێ شاپووری یەکەمی ئەشکانی بێت و کەسێک بە پێوە لەبەردەمیدا ڕاوەستاوە و یەکی دیکەش لەبەردەمیدا، چۆکی داداوە. دەگوترێ ئەودوو کەسە هەردوکیان ئیمپراتۆرانی ڕۆم بن و ئەوەی وا چۆکی داداوە والێریەن و ئەویتر، فیلیپ بێت کە ئێرانییەکان لە شەری ئێدیسادا (٢٦٠ زایینی) شکاندیانن و بە دیلی و بۆ بێگاری پێکردن هێنایاننە باشووری ئێران. ئەوە هەمان ئەو پەیکەرەیە کە بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکانی ئەمڕۆ شانازیی پێوە دەکەن.

## دووەم، وێنەی پاولۆ ڤێرۆنیزی لە ناشناڵ گالێری لەندەن

دوای زاڵبوونی عەرەب بە سەر ئێران و ڕۆمدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ژێر سێبەری قورسی ئایدیۆلۆجیا و ئاییندا، لە نیعمەتی ئەو هونەرانە بێبەش مانەوە و هیچ هونەرمەندێکی ڕەسسام نەیتوانی چیتر وێنەی مرۆڤ یا حەیوانێک بکێشێتەوە! لە ئەنجامدا هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازی تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئێران و بەگشتی ناوچەکەدا پشتگوێ خرا و ئەمڕۆ

هونەرمەنـــدی هاوچەرخی وڵاتانی ئیسلامیی ئـــەو بوارانە، دەبـــێ بتوانێ بـــە تاقی تەنیا ئەو دواکەوتوویيە ١٣٠٠ ســـاڵەیەی کاروانی هونـــەر قەرەبـــوو بکاتـــەوە واتـــە هەموو قۆناغەکان لە ســـەرەتاوە تا کۆتایـــی ببڕێت و پەیکەر بە شێوازێک بخوڵقێنێ کە هونەرمەندانی یۆنان و ناوچۆمان و میســـر چوارهەزارســـاڵ پێـــش ئـــەوان خوڵقاندبوویـــان؛ هەروەها هونەری شێوەکاریی ســـەدەکانی ناوەراستی ئۆروپا، هونەری ســـەردەمی رێنسانســـی ئەو وڵاتانە و هونەری هاوچـــەرخ و مۆدێرنی رۆژئاوا هەموویان بناســـێ لەبەر ئـــەوەی هیچ ڕێچکە و پێشـــینەیەکی مێژوویی لە ناوچەکـــەدا بوونی

١٥ و ١٦ ی لێبەرهەمهات و درەنگتر گەیشتە هونەری کۆنســـێپتواڵی ئەمڕۆ و بـــەردەوام بۆ پێشەوەتریش دەچێت.

تابلۆی ڤێرۆنیز لە ســـەدەی شازدەهەمی زایینیدا لە شـــاری وێنیزی ئیتالیا کێشراوەتەوە و لە ناوەراستی ســـەدەی نۆزدەهەمدا بە ناشناڵ گالێریی لەندەن فرۆشـــراوە. تابلۆکە شانازکردنە بە ئەسکەندەی مەقدوونی وەک ئیمپراتۆرێکی یۆنان بەســـەر ئیمراتۆریەتی هەخامەنیشـــی ئێران و دامەزراندنـــی حکوومەتێکی یۆنانی لە شوێنی ئەو (ســـلووکییەکان)، کە ماوەی ٢٥٠ ســـاڵی ڕەبەق حاکمی ئێران بوو.



***The Family of Darius before Alexander,*** Paolo Veronese, (1565–1570), Oil on Canvas, National Gallery, London

نەبووە کـــە ببێتە دەســـتمایەی کارەکانی و بتوانێ وەک هونەری شـــیعر، بەرەوپێشەوەی ببات. لە کاتێکدا وڵاتانـــی ئۆروپای ڕۆژئاوایی (ئیتالیا، فرانسە، بریتانیا و ...)، دوای سەدەکانی ناوەراســـت لـــە فـــەزای لیبراڵ و ئـــازادی کۆمەڵگاکەیانـــدا وەک فەلســـەفەی یۆنانیان وەرگرت، هونەری یۆنانیشـــیان کردە بنەمای کاری خۆیان و پەرەیان پێدا بەشـــێوەیەک کە هونەری ســـەردەمی ڕێنێسانس لە سەدەکانی

## ناساندنێکی گشتیی هەردوو کارە هونەرییە ئێرانی و ئیتالییەکە

تابلۆکەی ڤێرۆنیز بە قەبارە گەلێـــک گەورەیە و تایبەتمەندییەکی کاری ئـــەو هونەرمەندەش کێشـــانەوەی تابلـــۆی وا قەبارە مـــەزن بووە. بەگوێـــرەی راگەیاندنـــی ناشـــناڵ گالێری، هونەرمەندەکـــە لە نێوان ســـاڵانی ١٥٢٨ و

١٥٨٨ دا ژیـــاوە و ئـــەو کارە هونەرییەی لە ســـاڵانی ١٥٦٥ تا ٦٧ دا کێشاوەتەوە. درێژایی تابلۆکە ٤ مەتر و ٧٤٩ سانتیمەتر و پانتاییەکەی ٢ مەتر و٣٦٢ ســـانتیمەترە، بـــە ڕەنگی ڕۆن (زەیت) لەســـەر جاو کێشراوەتەوە. بنەماڵەیەک لە ئیتالیای ســـەدەی شـــازدەهەم داوایان لە هونەرمەندەکە کردووە تابلۆکەیان بۆبکێشێتەوە. گالێرییەکـــەی لەندەنیش لە ســـاڵی ١٨٥٧ کڕیویەتی و خســـتوویەتە بەرچاوی بینەران.

بە تەنیشـــت تابلۆکەوە کورتە زانیارییەک بـــە زمانی ئینگلیزی ســـەبارەت بـــە تابلۆ و هونەرمەندەکـــەی ڕاگەیەنـــراوە کـــە ئەوەی خـــوارەوە وەرگێـــڕاوە کوردییەکەیەتی:

"پاولۆڤێرۆنێز

١٥٢٨-١٥٦٨

بنەماڵەی داریووش لەبەردەم ئەسکەندەر

١٥٦٥ - ١٥٦٧

ئەسکەندەری مەزن (٣٢٣ تا ٣٥٦ز) چاوی بە بنەماڵەی داریووشی ســـێیەم، ئیمپراتۆری تێکشـــکاوی ئێران (دەوروبەری ساڵانی ٣٨٠ تـــا ٣٣٠ی پێش زایین) دەکەوێت. 'سیســـی گامبیـــس'ی دایکـــی داریـــووش کە جلی مـــۆری لەبەردایە، بە هەڵە، ڕووی قســـەکانی لە 'هێپاســـتیۆن'ی هاوڕێی ئەسکەندەر دەکات، کە بە [کەســـایەتییە] سەرکەوتووەکەی دەزانێ. ئەســـکەندەر بە میهرەبانییەوە لێیدەبوورێ.

نەققاشـــییەکە بە فەرمانـــی بنەماڵەی 'پیزانی'ی خەڵکی شـــاری ڤێنیز [ی ئیتالیا] کێشـــراوەتەوە. ڤێرۆنیز داستانەکەی ڕاگواستۆتە ســـەر زەمینەیەکی خەیاڵاوی پەیوەندیدار بە سەدەی شـــازدەهەمی [شاری] ڤێنیز. جووڵەی کەســـەکان لەبەردەم زەمینەی بیناسازیی لای پشتەوەی خۆیان، بە شـــێوەی ئەکتەری سەر شانۆ پیشاندراوە.

ڕەنگی ڕۆن (زەیت) لەســـەر کانوا، ساڵی ١٨٥٧ کڕدراوە."

ئەوەی خوارەوە تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی تابلـــۆی پاولۆ ڤێرۆنیزە بە گوێرەی وێبســـایتی ناشناڵ گالێریی لەندەن:

Artist Name: **Paolo Veronese**
Artist Dates: **1528 - 1588**
Dated: **1565-7**
Medium: **Oil on Canvas**
Dimensions: **236.2 x 474.9 cm**
Credit Line: **Bought, 1857**
Object Number: **NG294**

ئەوەش ئەدرەسی وێبسایتی گالێرییەکە:
https://www.nationalgallery.org.uk/

ئەودێرانەی ســـەرەوە بـــۆ ڕوونکردنەوەی واقیعی دوو شـــوێنەواری هونەری نووســـراون؛ ئامانج لە نووسینیان، جگە لە ناساندنی لایەنی هونەریی کارەکان، دەرخســـتنی ئەو ڕاستییەیە کە هەســـتی نەتەوە پەرســـتی وەک هەموو هەســـت و بۆچوونێکی دیکـــە، ئەگەر ببێتە کەرەسەی دەستی سیاســـەتی دەسەڵاتدارانی شەڕانخێو، دەتوانێ دوژمنایەتی و بەربەرەکانیی نێوان گـــەلان بەرهـــەم بێنێـــت و ببێتە هۆکارێـــک بـــۆ چەواشـــەکاریی مێژوویی و بەراوەژووکردنـــی واقیعی ڕابـــردوو لەخزمەت خواســـتە هەنووکەییەکانی دەســـەڵاتداراندا. ئەگەر شـــەڕی ئێران و یۆنان لە 'گۆگمەل'ی نێـــوان هەولێر و مووســـڵ لە پایزی ســـاڵی ٣٣١ی پێـــش زاییـــن، گەیشـــتە ئەنجامی ســـەرکەوتوویی لایەنێکی ئوروپایی، ٥٨٩ ساڵ دواتر لە شـــەڕی ئێدێســـای نێـــوان ئێران و ڕۆمدا لایەنێکی دیکەی ئوروپایی تێکشـــکا و تەنانەت ئیمپراتۆر خۆی، بـــە دیل گیرا و برایە ئێران بۆ بێگاری پێکـــردن، هەرلەوێش کۆچی دوایی کرد! ئەوە دەرســـێکی گەورەی مێژووە بۆ ئەمرۆی مرۆڤایەتی. شـــانازیکردنی نابەجێی لایەنێک بە هێزی ســـوپایی خۆی، دەگونجێ دوای گۆڕانی هەلومەرجی سیاســـی و نیزامی،

ببێتە هۆی شکست و نشوستی دوارۆژی هەمان ئەو لایەنە لەخۆباییە، لەبەر ئەوەی گونجاوە دواتر چەرخ بە باری پێچەوانەدا بگەڕێت و هەموو شانازییەکان ببنە قوربانیی شکستێکی گەورە. شەڕی ١٢ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٢٥ ی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا ئەو ڕاستییەی بە باشی سەلماند و دیعایەی دوور لە عەقڵی مەلاکانی ئێرانی لە پێناو دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی شیعە لە ناوچەکە و هەرەشە لە جیهان بە هۆی بۆمبای ئەتۆمی و مووشەکەوە پووچەڵ کردەوە.

ئێستا چەندان سەدە بەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییانەدا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا:

- ئیمپراتۆریەتی بەهێزی ڕۆم لە سەدەی چوارەمی زایینی دابەش بووە و دوو بەشی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی (بیزانس) و لاوازیی ئەو زلهێزەی لێ بەرهەمهاتووە کە تا ئەمڕۆش کلیسای کاتۆلیک بە دەردیەوە دەناڵێت و سەفەری ساڵی ٢٠٢١ی پاپا فرانسیسی ڤاتیکان بۆ هەولێر و 'ئوور'، هەروەها سەفەری مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٢٥ ی پاپا لێئۆ بۆ تورکیا و سەردانی کلیسای شاری ئیزنیک (نیقیە)، مەڵحەمێک بوون بۆ سەر ئەو برینە کۆنەی دووبەرەکی و پاشەکشەی مسیحییەت لە ناوچەکە، وەک دەرئەنجامی ئەو دووبەرەکییە مێژووییە.

- لەشکری عەرەبی موسوڵمان لە سەدەی حەوتەمدا 'بیزانس'ی داگیر کردووە

- ئێرانی ساسانیش بە هەمان شێوەی بیزانس بەرگەی لەشکری عەرەبی نەگرتووە و بە هەڵاتنی یەزدگیردی سێیەم لەبەر سوپای عەرەب، ئیمپراتۆریەتی خۆی پێدۆڕاندوون

- پاشان تورکی عوسمانلی لە سەدەی پازدەهەمدا حوکمی عەرەبی لە عوسمانی بە مێژوو ئەسپاردووە، و حکوومەتی تورکی دامەزراندووە.

دیارە لەو ماوە دووردرێژەدا سنووری ئەو وڵاتانە گەلێک شەڕ و پێکدادان و خوێنرشتنی بەخۆیەوە بینیوە؛ گەلێک خاک داگیر کراوە؛ گەلێک ماڵ وێران بووە؛ گەلێک پاڵەوانی ئازا لە مەیدانی شەڕدا شەلاڵی خوێن بوون و گەلێک شا و فەرماندەی ترسەنۆک ڕوو لە دۆست و پشت لە دۆژمن گۆڕەپانی شەڕیان بەجێهێشتووە. قارەمانانی ئازاش بوونەتە جێگەی شانازیی کۆمەڵانی خەڵک، تاقی زەفەریان بۆ هەڵبەستراوە، پەیکەری بەردینەیان بۆ دروست کراوە و ناویان چۆتە ناو کتێبی مێژووەوە. ئەوە شێوازێکی ئاسایی ڕەوتی مێژووە کە لە زۆر شوێنی جیهان بینراوە.

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە هەوڵێکی زۆر لەپێناو ئاشتی و برایەتی گەلان دەدرێت و لە ڕاستیشدا کۆمەڵێک کێشەی هاوبەشی مرۆڤایەتی وەک مەسەلەی پاراستنی سروشت و ژینگە و چارەسەری هەژاری ونەخۆشی و بێ ماڵ و حاڵیی بەشێکی زۆری مرۆڤی سەردەم، هەموو خەڵکی سەر گۆی زەوی بەیەکەوە دەبەستنەوە و چارەسەری گرفتەکانیش بە شێوەی تاک لایەنە و بە بێ هاوکاری و هاوپشتایەتی میللەتان لەکردن نایەت؛ ئەو شانازییە پڕوپووچ و بێ بنەمایانە ئەگەر بگەنە ڕادەیەک کە گرووپێک و گەلێک تەنیا خۆی ببینێت و سووکایەتی بە گەلانی دیکە بکات، وەک ئەوەی ترامپ لە ئەمریکا دەیکات، تەنیا دەتوانێ کاتی بێت و دەرس لە مێژووی پڕ لە گۆڕان و وەرچەرخان وەرناگرێت.

ئەو خاڵە سەرەکییە، گەلانی دراوسێی کورد و حکوومەتانی داگیرکەری خاکەکەشمان دەگرێتەوە و تەنانەت بۆ کورد خۆیشی ڕاستە! چەند ساڵێکە لە ڕێگەی میدیای مەجازییەوە دەبینین خەڵکانی ناشارەزا بە شێوەیەکی بێ بنەما یا بە هۆکارێکی لاواز و خەیاڵاوی، نەژادی کورد دەبەنەوە سەر

ئیبراهیم پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل یا کاوەی ئاسنگەری ئەفسانەیی شانامە کە تەنانەت بوون و وجوودی جێگەی گومانی جیددییە، کەیخوسرەو و کەیقوبادی ئوستوورەیی، دەکەنە باپیرانی کورد، هۆنراوەیەکی سەدەی بیستەم وەک "هورموزگان رمان..."ی سەعیدخانی کوردستانی، دەگەڕێننەوە سەردەمی هێرشی عەرەب و شێرکۆ بێکەسی هەژار دەکەنە ئیمراتۆری شیعری جیهان...! لە کاتێکدا هیچکام لەو پەیوەندییە نەسەلماوانە گەورەیی بە کورد نابەخشن و مێژووەکەی دەوڵەمەند ناکەن.

دەوڵەمەندی و گەورەیی گەلان لە نیزامی نوێی جیهانیدا بەوەوە بەستراوە کە چییان پێیە، چی دەزانن و چ دیاردەیەک خەڵاتی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن نەک دیعایەی بێ بنەما بە ڕابردوویەکی خەیاڵی و دوور لە باوەڕ. "نان ئەو نانەیە ئێستا لە خوانە" و تەواو! ئەوە حوکمی مێژووە بۆ کورد و ئێرانی و تورک و عەرەب و هەموو گەلانی جیهان.

لە کۆتاییدا، نووسەر بە ئەرکی خۆی دەزانێ سپاسی بەرپرسانی ناشناڵ گالێریی لەندەن بکات بۆ ئیجازەی میهرەبانانەی بڵاوکردنەوەی وێنەی شاکارێکی مێژوویی ناو کۆلێکسیۆنی خۆیان لەم وتارەدا.

**پەراوێزەکان:**

1- Paolo Veronese
2- Publius Licinius Valerianus

# دەوڵەتی نێتوۆرکیی کوردستان:

## پارادایمێکی نوێ بۆ سەروەریی دارایی و وەرگرتنەوەی داهاتوو لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

**ئاژوان نەکەرۆز**


**پوختە**

کورد کە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە کە وەکوو مۆدێلە کلاسیکیەکەی وێستفاڵیا، بەرەورووی چەقبەستوویی ژیۆپۆلەتیک بووەتەوە. لە کاتێکدا تیۆرییە سیاسییە مۆدێرنەکان لە ڕۆژئاوا بەرەو "پۆست ناسیۆنالیزم" هەنگاویان ناوە، کوردستان هێشتا لە خەباتدایە بۆ چەسپاندنی مافی سەرەتاییی خۆی لەمەڕ "سەروەریی سیاسی". ئەم توێژینەوەیە بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی "دەوڵەتی نێتوۆرک" و لۆکاڵیزەکردنی ڕەخنەگرانە، گریمانەی فەزای دیجیتاڵی وەکوو "مەڵبەندێکی کاتی" بە بنەما دەگرێت بۆ مومارەسەی حاکمیەت و گەیشتن بە سەروەریی دارایی. بە پێچەوانەی بیرۆکەی سەرەکیی ئەم تیۆرییە کە دەوڵەتی نێتوۆرک وەک "جێگرەوەیەک" بۆ دەوڵەت-نەتەوە دەناسێنێت، مۆدێلی پێشنیارکراو لەم وتارەدا، ئەم پێکهاتەیە وەکوو "بزوێنەر" و "پێشمەرجێکی ستراتیژیک" بۆ گەیشتن بە دەوڵەت-نەتەوە شی دەکاتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەوڵەتی نێتوۆرکی کوردستان وەک جێگرەوەی دەوڵەتی فیزیکی ڕەچاو ناکات و فەزای دیجیتاڵییش وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە واقیع تێبینی ناکات، بەڵکوو دەبێ وەک "بیاڤێکی کاتی" لەبەرچاو بگیرێت بۆ پراکتیزەکردنی سەروەریی سیاسی، گەیشتن بە داراییەکی سەربەخۆ و هەروەها بنیاتنانی دیپلۆماسییەکی گشتی، تاوەکوو ببێت بە مۆدێلێک و لە کاتی گونجاودا "ڕاگوازرێتەوە" بۆ دەسەڵاتی عەینی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

## پێشەکی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دوای واژۆکردنی پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) و دیاریکردنی سنوورە دەستکردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واقیعێکی دیموگرافی و مێژوویی پشتگوێ خرا: نەتەوەیەک کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی لەسەر خاکی خۆیان دەژیان، لە نێوان چوار پێکهاتەی سیاسی دابەش دەکرێ و بەم چەشنە لە دەوڵەت بێبەری کرا.[١] ئەم ڕووداوە دەستپێکی سەردەمی "بێدەوڵەتی" (Stateless-ness) بوو کە کورد نەک وەک هاووڵاتی خاوەن ماف، بەڵکوو وەک کەمایەتییەکی ئەمنی پێناسە دەکرا. بۆ ماوەی سەدەیەک ستراتیژیی مانەوەی کورد بریتی بوو لە "پەنابردنە بەر شاخ" و بەرەنگاریی فیزیکی بۆ پاراستنی "خاک".[١] نەبوونی دەوڵەت تەنیا بە مانای نەبوونی سنوورێکی دیاریکراو نییە؛ بەڵکوو بووەتە هۆی نەبوونی ئامرازە گرنگەکانی سەروەری، بە تایبەت "دراوی نیشتمانی" و "خۆسەریی دامەزراوەیی". پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ململانێ سیاسییە نەریتییەکان بوونەتە هۆی پشتگوێخستنی ڕەهەندی "ئابووریی سیاسی". سەربەخۆیی سیاسی بەبێ سەربەخۆیی دارایی مومکین نابێت، بۆ نموونە ئابووریی کوردستان لە سەردەمی بێدەوڵەتیدا لەژێر باندۆری کۆلۆنیالیزمێکی دراویدایە وەها کە هەڵاوسان و ناسەقامگیریی ئابووری لە ناوەندی دەسەڵات، دەتوانێ دۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش ناجێگیر بکات.[٣]

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، «تەکنەلۆژیای دەفتەری ژمێریاریی دابەشکراو» (DLT) و بلۆکچەین ڕێگایان بۆ دامەزراندنی فۆرمێک لە "سەروەریی دارایی" و "سەروەریی دامەزراوەیی" لە فەزای دیجیتاڵیدا خۆش کردووە کە سەروەریی سیاسی وەک پێشمەرج لەبەرچاو ناگرێت و دەکرێت ئەم فۆرمە سەرەتایەک بێت بۆ وەدیهاتنی سەروەریی سیاسی کوردستان. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: چۆن دەتوانرێت "سەروەریی دیجیتاڵی" (Digital Sovereignty) وەکوو سەکۆیەک بۆ بەدیهێنانی "سەروەریی سیاسی" دەکار بکات؟ لەم بابەتەدا دەوڵەتی نێتوۆرک وەک گریمانەیەک بە بنەما دەگرم بۆ دۆزینەوەی بازنە ونبووەکەی نێوان دۆخی ئێستا و دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە داهاتوودا.

## بنەما تیۆرییەکان: دەوڵەتی نێتوۆرک چییە؟

پێش ئەوەی ئەم مۆدێلە بۆ کوردستان لەبەرچاو بگرین، پێویستە ناوەڕۆکی تیۆریی "دەوڵەتی نێتوۆرک" شی بکەینەوە. ئەم تیۆرییە وەڵامێکە بۆ ناکارامەبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان لە سەردەمی ئینتەرنێتدا و ڕێگایەکی نوێ بۆ پێکهێنانی سەروەری پێشنیار دەکات. بالاجی سرینیڤاسان (Balaji Srinivasan) دەوڵەتی نێتوۆرک بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دەوڵەتێکی ئۆنلاین، کە زۆر لێک گرێدراوە لەگەڵ هاووڵاتییە پەرش و بڵاوەکانی، سەرمایەی کۆمەڵگە بۆ کڕینی خاک و بەدەستهێنانی داننانی دیپلۆماتیک لە لایەن دەوڵەتانەوە، هەڵدەچنێت".[٤] ئەم مۆدێلە لەسەر چەند کۆڵەکەی بنەڕەتی دامەزراوە کە خۆی لە مۆدێلە کلاسیکییەکان جیا دەکاتەوە (وەک جیابوونەوە لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە).

**١-٢.** سەرەتا هەور، پاشان خاک (Cloud First, Land Last): بە پێچەوانەی حکومەتە نەریتییەکان کە سەرەتا بە خاکان دابین کردووە، دەوڵەتی نێتوۆرک "کۆمەڵگەی ستارتاپ" (Startup Society) لە فەزای دیجیتاڵیدا دادەمەزرێنێت. ئەندامانی ئەم پێکهاتەیە نەک بەپێی شوێنی لەدایکبوون، بەڵکوو بە "داهێنانی

ئەخلاقی" (Moral Innovation) یان ڕێککەوتن لەسەر بەها هاوبەشەکان کۆ دەبنەوە. کاتێک ئەم کۆمەڵگەیە لە فەزای هەوردا پێ دەگات و ژمارەی هاووڵاتیان و سامانەکانیان ڕوو لە زیادبوون دەکات، ئەوجار هەوڵ بۆ کڕین یا بەکرێگرتنی خاک لە جیهانی ڕاستەقینە دەدەن.[٥]

**٢-٢.** کۆمەڵە دورگەی نێتوۆرکی (The Network Archipelago): چەمکی مەڵبەند لەم تیۆرییەدا گۆڕاوە. مەرج نییە دەوڵەتی نێتوۆرک پارچە زەوییەکی پێکبەستراوە بێت (وەک لە نەخشەکانی ئێستای جیهاندا)، بەڵکوو دەتوانێت کۆمەڵێک لە هەزاران خاڵ بێت کە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبوونەتەوە (شووقە، شارۆچکە، ناوچەی ئازاد) کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە و بەپێی یەک یاسا بەڕێوە دەچن. سرینیڤاسان ئەم پێکهاتەیە بە "دورگەیەکی تۆڕکراو" ناو دەبات کە لە سنووره فیزیکییەکاندا بوونیان نییە بەڵکوو لە فەزای دیجیتاڵیدان.[٦]

**٢-٣.** دانپێدانانی دیپلۆماتیک (Diplomatic Recognition): ئامانجی کۆتایی ئەم پێشاژۆیە بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتییە. دەوڵەتی نێتوۆرک بە نیشاندانی هاووڵاتییە ڕێکخراوەکانی و دەسەڵاتە ئابوورییەکەی خۆی، دەچێتە ناو ڕێککەوتنێک لەگەڵ دەوڵەتانی مەوجوود (Legacy States) بۆ ئەوەی وەک قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بناسرێت.

بەم پێیە جەوهەری تیۆریی بالاجی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانە بۆ "دەرچوونی ئاشتیانە" لە سیستەمی شکستخواردوو و بنیاتنانی بەدیلێکی نوێ.

### ئابووریی سیاسی:

### کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزمی دراو
### (Ending Monetary Colonialism)

سەربەخۆیی سیاسی بەبێ سەربەخۆیی ئابووری و دراوی، وەهمێکی یاساییە. شیکارییەکانی ئابووریی سیاسیی کوردستان دەری دەخات کە کوردستان ملکەچی دیاردەیەکە بە ناوی "کۆلۆنیالیزمی دراو". لەم میکانیزمەدا حکوومەتە ناوەندییەکان (تاران، ئەنقەرە، بەغدا، دیمەشق) ئامرازە دراوییەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک بەکاردەهێنن بۆ بەتاڵانبردنی سامانی ناوچە پەراوێزەکان. ئەم ڕەوتە لە ڕێگەی دوو کەناڵی سەرەکییەوە دەیتە دی:

**یەکەم: کاریگەریی کانتیلۆن (Cantillon Effect):**
کاتێک بانکە ناوەندییەکان پارە بۆ دابینکردنی دارایی شەڕ یان کورتهێنانی بودجە چاپ دەکەن، بەهای دراوی نیشتمانییان کەم دەبێتەوە. بەپێی تیۆری کانتیلۆن، پارەی چاپکراوی نوێ سەرەتا دەگاتە ئەو کەسانەی کە لە حکوومەت نزیکن (بەڵێندەر و دامەزراوە سەربازییەکان) کە هێشتا نرخی شمەک لایان بەرز نەبووەتەوە. بەڵام کاتێک ئەم پارەیە دەگاتە ناوچە پەراوێزییەکان (بۆنموونە کوردستان)، هەڵاوسان هاتووەتە ناوەوە و توانای کڕینی خەڵک کەم دەبێتەوە. ئەم هەڵاوسانە سەپێنراوە کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی سامانەکان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند دەبێت.[٧]

**دووەم: سەرکووتی دارایی: (Financial Repression)**
سیستەمی بانکیی ناوەند ئامرازێکی ئەمنییە بۆ کۆنترۆڵکردن؛ دەوڵەتەکان دەتوانن بە کرتەیەک هەژماری بانکیی چالاکانی کورد دابخەن یان بە هەر شێوەیەک دەمارەکانی

جووڵەی ئابووریی کورد سڕ بکەن و لە ئەنجامدا هەژمارە بانکییەکانیان بلۆک بکەن و ئاستەنگ بۆ خزمەتگوزارییەکانی قەرز بنێنەوە. چارەسەری پارادایمی نوێ بریتییە لە "جیابوونەوەی دراو". نەتەوەی کورد بە وەرگرتنی ستانداردی بیتکۆین و دراوی دیجیتاڵ و هەروەها سامانی دیجیتاڵ کە هەڕەشەی سانسۆری لەسەر نەبێت، دەتوانێت بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، "گەنجینەی نیشتمانی"ی خۆی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتە داگیرکەرەکان دابمەزرێنێت.[٨]

## سێیەم: مۆدێلی ئەزموونکراو لە وڵاتانی جیهاندا

بۆ تێپەڕین لە فەزای ئەبستراکت، مۆدێلی "دەوڵەتی نێتۆرکی کوردستان" پشت بە سێ ئەزموونی سەرکەوتوو و کۆنکرێتی مێژوویی هاوچەرخ دەبەستێت کە هەریەکەیان ئیمکانی پراکتیکی ئەم تیۆرییە بەڵگەمەند دەکەن:

• مۆدێلی حوکمڕانی هەور (ئەزموونی ئیستۆنیا): پرۆژەی ئەلێکترۆنیی ئیستۆنیا دەری خست کە دەتوانرێت حاکمیەتی نیشتمانی لە سنوورەکانی جوگرافیا ڕزگار بکرێت. لە ڕێگای دەکارکردنی پرۆژەی ئێکس ڕاود X-Road، ئیستۆنیا سەرکەوتوو بوو لە بەدیجیتاڵکردنی ٩٩%ی خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت و درێژکردنەوەی سنوورەکانی بۆ فەزای مەجازی لە ڕێگەی پرۆژەی "هاووڵاتیبوونی ئەلێکترۆنی" (e-Residency). ئەم ئەزموونە دەیسەلمێنێت کە نەتەوەیەک دەتوانێت پەیکەری ئیداری و یاسایی خۆی بپارێزێت و بەڕێوەی ببات بەبێ ئەوەی پشت بە بوونی فیزیکیی هاووڵاتیان لە یەک شوێن ببەستێت.

• مۆدێلی سەربەخۆیی دارایی (پرۆتۆکۆڵی بیتکۆین و ئەلسالڤادۆر): وەرگرتنی بیتکۆین وەکوو پارەی یاسایی لە ئەلسالڤادۆر و زیادبوونی بەکارهێنانی دراوە دیجیتاڵییەکان لە ناوچە گەمارۆدراوەکاندا، دیاردەیەکی لێ کەوتووەتەوە بە ناوی "داماڵینی نیشتمانیکردنی پارە". ئەم مۆدێلە ئەوە نیشان دەدات کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دەتوانێت سامانی نیشتمانیی خۆی لە پرۆتۆکۆڵە بیرکارییە بەرتەسکنەکراوەکاندا هەڵبگرێت و سەربەخۆ بێت لە سیستەمی بانکی ناوەندی کە ئامرازی سەرکووتکردنی ئابوورییە.

• مۆدێلی حوکمڕانی ناناوەندی (DAOs): ڕێکخراوە سەربەخۆکانی وەک (MakerDAO) ئێستا ملیاردها دۆلار لە سەروەت و سامان بەڕێوە دەبەن بەبێ ئەوەی پێویستییان بە سەرکردایەتیی ناوەندی یان بڕۆکراسیی تەقلیدی هەبێت، تەنیا لە ڕێگەی "گرێبەستە زیرەکەکانەوە" بەڕێوە دەچن. ئەم مۆدێلە ئەگەری حوکمڕانیی دیموکراتیک، ڕوون و دژە گەندەڵی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان بۆ نەتەوەی کورد وێنا دەکات و بەدیلێکی بەرجەستە بۆ پێکهاتە حزبییە هەرەمییەکان دەرەخسێنێت.

## چوارەم: پارادۆکسی دەوڵەتی نێتوۆرک و ئابووریی سیاسی

### ستراتیژی گەڕانەوە بۆ سەر خاک

تیۆریی " دەوڵەتی نێتوۆرک" کە لەلایەن بالاجی سرینیڤاسانەوە دارێژراوە، سەردەمێکی نوێی حوکمڕانی دەخاتە ڕوو کە تێیدا کۆمەڵگاکان سەرەتا لە فەزای هەوردا دروست دەبن و دواتر لە جیهانی فیزیکیدا (خاک) دەردەکەون[٤]. بەڵام بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی ژئۆپۆلەتیکی کوردستاندا پێویستی بە تێگەیشتن لە کەلێنێکی قووڵی بووناسانە هەیە. لە خوێندنەوەی ڕۆژاوایی و لیبراڵیدا دەوڵەتی نێتووۆرک وەلامێکە بۆ "ماندووبوون لە دەوڵەت (State fatigue). ئامانجی وەها

پرۆژەیەک "دەرچوون"ە لە پێکهاتە کۆنەکانی دەوڵەتی نەتەوەییی وێستڤالیایی و هەنگاونان بەرەو پێکهاتەیەکی سەیال و پۆست-نەتەوەییە. دروشمی نەنووسراوی ئەم بزووتنەوەیە "ماڵاوایی لە خاک و دەوڵەتی نەریتی"یە. بەڵام بۆ نەتەوەی کورد ئەم ڕێبازە "پارادۆکسێکی مێژووییە". نەتەوەیەک کە هێشتا ئاسایشی بوونناسانەو سوودە یاساییەکانی هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەییی سەربەخۆ لەسەر خاکی خۆی ئەزموون نەکردووە، ناتوانێت و ناکرێت لێی تێپەڕێت [٩].

لە وەڵامی ئەم چەقبەستوویییە مێژووییەدا، ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و هەروەها بە قەرزگرتن و "لۆکاڵیزەکردنی"ی تیۆریی دەوڵەتی نێتوورک، مۆدێلێکی نوێ پێشنیار بکات. داهێنانە تیۆرییەکەی ئەم توێژینەوەیە، لە باری غایەتناسانەوە Teleological خۆی لە تیۆریی ڕەسەن جیا دەکاتەوە، واتە: بە پێچەوانەی تیۆریستەکان کە دەوڵەتی نێتوورک وەکوو مۆدێلێک بۆ "جێگرەوە" و تێپەڕاندنی دەوڵەت-نەتەوە دەبینن، مۆدێلی "دەوڵەتی نێتوورکی کوردستان" ئیستدلال دەکات کە، بۆ نەتەوەیەکی کۆلۆنیالیزەکراو، سەروەریی دیجیتاڵی ئامانجی کۆتایی نییە، بەڵکوو "گواستنەوەیەکی ستراتیژیکە" بۆ کەڵەکەکردنی دەسەڵات لە پێناو وەرگرتنەوەی سەروەریی سیاسی لەسەر خاکی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییی کورد. بۆیە لێرەدا ڕیزبەندییەکانی ئەم تیۆرییە پێچەوانە دەکەینەوە:

١. ئامانجی کۆتایی: بە پێچەوانەی گلۆباڵیستەکان کە خاک وەک بەربەست دەبینن، پێشنیار دەکرێت ئامانجی ئێمە "وەرگرتنەوەی خاک" و مومارەسەی سەروەریی سیاسی لەسەر خاک بێت.

٢. ئەرکی نێتوورک: دەوڵەتی نێتوورکی دیجیتاڵیی کوردستان نەک وەکوو "مەبەستی کۆتایی" بەڵکوو وەکوو "دەوڵەتی چاوەڕوان" (State-in-Waiting) پێشنیار دەکرێ. ئەم پێکهاتە دیجیتاڵییە وەکوو تاقیگەیەکی سیاسی کار دەکات کە تێیدا دەتوانرێت حوکمرانی و کەڵەکەکردنی سامان و بنیاتنانی دامەزراوەکان پراکتیزە بکات.

٣. دیالێکتیکی هەور و خاک: ستراتیژییەکە ئەوەیە کە لە "هەور"ەوە بڕۆین بۆ "خاک". نەرمەهێز و سەرمایەی ئابووری لە فەزای دیجیتاڵیدا کەڵەکە بکەین (کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرانە) بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە لە ساتەوەختی مێژوویی گونجاودا لەسەر جوگرافیای ڕاستەقینەی کوردستان "دابەزێت".

## ٥- ئەنجام و کۆتایی

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بەو چوارچێوە تیۆرییەی کە باس کرا، نەخشەڕێگایەکی سێ قۆناغەیی بۆ گواستنەوە لە "نەتەوەیەکی دیجیتاڵی" بۆ "دەوڵەتی سەروەر لەسەر خاک" پێشنیار دەکات. ئەم مۆدێلە پێڤاژۆی بنیاتنانی دەوڵەت پێچەوانە دەکاتەوە، واتە: لەبری ئەوەی لە سەرەتاوە هەوڵی گرتنی خاک و پاشان بنیاتنانی دامەزراوەکان بدەین، سەرەتا دامەزراوە و ئابووری لە فەزایەکی دیجیتاڵی و پارێزراودا بنیات دەنێین و دواتر دەست بەسەر خاکدا دەگرین.

### قۆناغی یەکەم: داماڵینی خاکی تاکتیکی

لەم قۆناغەدا ئامانج ئەوەیە کە "نەبینراو" و "نەشکێن"، دامەزراوە گرنگەکانی کوردستان (ناسنامە، بەڵگەنامە، گەنجینە) دەگوازرێنەوە بۆ هەور، لەوێدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی سوپای دەوڵەتی ناوچەیی و پۆلیسیدا دەپارێزرێت [١٠].

• ناسنامەی خۆسەروەری: دەرکردنی ناسنامەی دیجیتاڵی (DID) کە ڕێگە دەدات هاووڵاتیانی کورد وەک ئەندامی یەک قەوارەی سیاسی بناسرێنەوە، بەبێ گوێدان بە سنوورەکانی سایکس پیکۆ.

• ئابووریی سێبەر: پێکهێنانی بازاڕە ناوخۆییەکان لەسەر بنەمای دراوە کریپتۆکان کە لە دەرەوەی ڕاداری باج و ڕێکخستنی حکوومەتە ناوەندییەکان کار دەکەن.

**قۆناغی دووەم: یەکگرتنی دامەزراوەیی**

کاتێک ژمارەی هاووڵاتیانی دیجیتاڵی و ئەو سامانەی کە لە تۆڕەکەدا کۆ دەبێتەوە و دەگاتە "بارستەی گرینگ"، دەوڵەتی نێتوۆرک دەتوانێ پێکهاتەکانی حوکمڕانی خۆی بخاتە ڕوو.

• سندووقی سامانی سەروەری: ئاراستەکردنی سەرمایەی بەرفراوانی دیاسپۆرا بەرەو سەروەت و سامانی ستراتیژی.

• دیپلۆماسی دیجیتاڵی: دەوڵەتی نێتوۆرک وەکوو نوێنەری شەرعیی نەتەوەی کورد لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دانوستان دەکات. لەم سەردەمەدا، دەسەڵاتی کۆمپانیایەکی نێونەتەوەیی هەندێک جار زیاترە لە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی بچووک[١١].

**قۆناغی سێیەم: ستراتیژی خاک**

ئەمە قۆناغی کۆتایی و ئامانجی کۆتایی مۆدێلی ڕەسەنی ئێمەیە: دابەزین بۆ سەر زەوی. لەم قۆناغەوە هێزە نەرم و داراییە کەڵەکەبووەکان دەگۆڕدرێت بۆ کارتی گوشاری فیزیکی:

• کڕینی زەوی (Crowdfunded Territory): بەکارهێنانی گەنجینەی نیشتمانی بۆ کڕینی زەوییە فراوان و ستراتیژییەکان، یان وەبەرهێنان لەسەر ژێرخانی ناوچە کوردستانییەکان بۆ دروستکردنی وابەستەیی ئابوورییەکی یەکگرتوو.

• ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان (SEZs): دانوستاندن بۆ دروستکردنی ناوچەی بازرگانی ئازاد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەپێی یاساکانی دەوڵەتی نێتوۆرک بەڕێوە دەچن، وەکوو پێشەکییەک بۆ دانپێدانانی تەواو[١٢].

## بەربەست و پێشنیارەکانی توێژینەوە

وەدیهێنانی ئەم پارادایمە نوێیە بەرەو ڕووی بەربەست و ڕەخنەی پێکهاتەیی جیددی دەبێتەوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تێبینیی زێدەترهەیە.

١. دابەشبوونی دیجیتاڵی: بەربەستی یەکەم دابەشبوونی ناهاوسەنگی زانستی دیجیتاڵ و ژێرخانی ئینتەرنێتە لە جوگرافیای کوردستاندا. مەترسی دروستبوونی "حوکمڕانییەکی نوخبەگەرایانە" کە چینە نەریتی و گوندنشینەکان پشتگوێ بخات، دەتوانێت ببێتە هۆی پچڕانی کۆمەڵایەتی یان نەسەلماندنی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە. بۆیە مۆدێلی دەوڵەتی نێتوۆرک دەبێت سەرەتا چینە ناوەندییەکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت.

٢. ئاسایشی ژێرخان و ئیمکانی بەرپەرچدانەوەی سەخت: ڕەنگە حکومەتە دامەزراوەکان لە ڕێگای ئامرازگەلێکی وەک پچڕاندنی بەئەنقەستی ئینتێرنێت تا هێرشی سایبری، هەوڵی بەرپەرچدانەوەی حوکمڕانی هەور بدەن. بۆیە بەردەوامبوونی ئەم مۆدێلە پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکانی دژەسانسۆر وەکوو ئینتەرنێتی ستارلینک و تۆڕەکانی دژەسانسۆرهەیە.

٣. شەرعیەتی یاسایی و گواستنەوە بۆ خاک: گواستنەوە لە سەروەریی مەجازییەوە بۆ

سەروەریی خاک (دابڕین لەسەر زەوی) قورسترین قۆناغە لە چوارچێوەی یاسای کلاسیکی نێودەوڵەتیدا، کە تا ئێستاش لەسەر بنەمای "دانپێدانانی دەوڵەتەکان" دامەزراوە. چارەسەری ئیجرایی بۆ ئەم ئالنگارییە هەر بە دانپێدانانی سیاسی ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی "پێویستیی ئابووری" و دروستکردنی شارەکانی چارتەر (Charter Cities) جێبەجێ دەکرێت کە بەهۆی سەرنجڕاکێشی دارایی و تەکنەلۆژییانەوە شەرعیەتی دیفاکتۆ بەدەست دەهێنن.

## دەرەنجام: وەرگرتنەوەی داهاتوو

پارادایمی "دەوڵەتی نێتوۆرکی کوردستان" هەڵاتنی تەکنۆکراتانە لە ئەمری واقیع نییە؛ واقیعیترین ستراتیژییە بۆ نەتەوەیەک کە هەموو ڕێگا کلاسیکەکانی دیکەی تاقی کردووەتەوە و ڕووبەڕووی دەرگای ژێوپۆلەتیکی داخراو بووەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان بەوە دا کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا چەمکی "سەروەری" هاوتای "کۆنترۆڵکردنی خاک" نییە. هەتا نەتەوەی کورد لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ نەبێت و لە "کۆلۆنیالیزمی دراوی" ڕزگاری نەبێت، ناگاتە سەقامگری. تەکنەلۆژیای بلۆکچەین و مۆدێلی دەوڵەتی نێتوۆرک، دەتوانێت کوردستانی سەردەمی نوێ بێت. ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا شاخەکان پەناگەیەک بوون بۆ پاراستنی ژیان، ئەمڕۆ "هەور" پەناگەی پاراستنی "سامان" و "ناسنامە" و "پێکهاتە"یە. کەوایە ستراتیژی ئەم مۆدێلە ڕوونە: لە هەوردا بنیات بنێین و لەسەر زەوی بژیین. دەوڵەتێکی نێتوۆرک بەو مەبەستە پێشنیار دەکرێت کە ئەگەر هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕێت، نەتەوەی کورد نەک وەکوو قوربانییەکی بێ پێکهاتە، بەڵکوو وەکوو "دەوڵەتێکی ئامادە" بە گەنجینەیەکی تەواو و دامەزراوەی کارامە، حوکمڕانی خاکی باوباپیرانی بکات.

## سەرچاوەکان:


[1] David McDowall, A Modern History of the Kurds, 3rd ed. (London: I.B. Tauris, 2004), 137.

[2] Abbas Vali, Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (Costa Mesa, CA: Mazda Publishers, 2003), 78.

[3] Saifedean Ammous, The Bitcoin Standard: The Decentralized Alternative to Central Banking (Hoboken, NJ: Wiley, 2018), 65.

[4] Balaji Srinivasan, The Network State: How to Start a New Country (CreateSpace Independent Publishing Platform, 2022), 9.

[5] Balaji Srinivasan, The Network State, 15.

[6] Vitalik Buterin, "What do I think about network States. " Vitalik.ca (blog), July 2022, https://vitalik.ca/general/2022/07/13/network-states.html.

[7] Richard Cantillon, Essay on the Nature of Trade in General, trans. Henry Higgs (London: Macmillan, 1931 [1755]), 73.

[8] Alex Gladstein, Check Your Financial Privilege: Inside the Global Bitcoin Struggle for Human Rights (Bitcoin Magazine, 2022), 112.

[9] Hamit Bozarslan, The Kurdish File: Politics of a Stateless Nation (London: Verso Books, 2004), 45.

[10] Saskia Sassen, Territory, Authority, Rights: From Medieval to Global Assemblages (Princeton: Princeton University Press, 2006), 342.

[11] Parag Khanna, Connectography: Mapping the Future of Global Civilization (New York: Random House, 2016), 18.

[12] Balaji Srinivasan, The Network State, 234.